

















PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com







## سمیناری قاڕنێ لە هۆڵەندا سەركەوتووانە كۆتایی هات

شەممە 25-9-2004 كاتژمێر 2 ی پاش نیوەڕۆ لە شاری ڕۆتەردامی هۆڵەندی یادی 25 ساڵەی كارەساتی قاڕنێ بەرز ڕاگیرا .

لە سەرەتادا بەخێر هاتنی میوانەكان بە ناوی چاكەوە كراو كۆڕەكە بە دەقەیەك ڕاوەستان بۆ گیانی پاكی شەهیدانی قاڕنێ و خانەقین و 3 قوربانییەكەی زاخۆ و سەرجەم شەهیدانی ئازادی و دیموكراسی كوردستان دەستی پێكرد .

پاشان شیعرێك لە لایەن كاك دڵبرین شاعیری كوردستانی باكور خوێنرایەوە . بە دوایدا ووتاری كۆمیتەی ڕیفراندۆم لە هۆڵەندە لە لایەن بەڕێز سیروان مەحمود بەرپرسی كۆمیتە لە هۆڵەندە پێشكەشكرا , لە پەیامەكەیدا وێڕای ڕسوا كردنی تاوانەكە داوای پێك هێنانی بەرەی كوردستانی كرد . پاشان ووتەی پارتی دیموكراتی كوردستان لە لایەن كاك سەلاح پاوانی بەرپرسی ناوچەی هۆڵەندە و وتاری كۆمیتەی بەنەلۆكسی یەكێتی نیشتمانی كوردستان لە لایەن پەروین خانەوەو وتاری یەكێتی نەتەوەیی دیموكراتی كوردستان لە لایەن هەڤاڵ زیارەتی و ووتاری بەرەی ڕزگاری خەڵكی ئەحواز لە لایەن بەڕێز حەسەن خوێنرایەوە تیایدا هاودەردی عەرەبی ئەحوازی لەگەڵ خەڵكی كوردستانی خۆرهەڵات دەربڕی .پاشان كاك

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سادقی زارزا بەرپرسی حدکا لە هۆڵەندە بە درێژی باسی لەسەر هەڵوێستی حیزبی دیموکراتی کوردستانی لەسەر جینۆسایدی کورد و دوا گۆڕانکارییەکانی ناو کۆنگرەی حدکای کرد و بە دوایدا کاك محەمەد میسری ئەندامی کۆمیتەی ئەورووپای کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی شۆڕشگێڕی کوردستان باسی لەوە کرد کۆماری ئیسلامی بەو تاوانە ویستی شەڕی نەتەوەیی نێوان کورد و ئازەری خۆشکات و داوای کرد دەبێت حکومەتی ئایندەی پاش کۆماری ئیسلامی ئێران فیدراڵی یەکگرتوو بێت هەموو گەلانی ئێران بە گوێرەی قەوارەی خۆیان بەشداری دەسەلاتی ناوەندی بکەن . دواتر کاك مستەفا بەهمەنی بەناوی کۆمەڵەوە وتەیەکی کورتی دا , دواتر بەڕێز عەبدوالڕەزاق ئەندامی ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران لە ووتەیەکدا ووتی – 20 ساڵ لەموپێش فێری ووشەی بژی کوردستان بووم و نامە زانی بژی مانای چییە من ئێوەم خۆشە وێت . پاشان کەسایەتی سیاسی ناسراوی کورد کاك مستەفا شەڵماشی بابەتێکی یاسایی لەسەر جینۆسایدکرنی کورد پێشکەش کرد , سەلماندی ئەوەی لە کوردستاندا کۆماری ئیسلامی ئێران ئەنجامی داوە 100٪ جینۆساید بووە بەلأم بە داخەوە هێزە سیاسییەکانی کوردستان نەیانتوانیوە لە بواری تەبلیغاتی دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران چالاك بن و ئەم تاوانانە لە قاو دەن, هەروەها داوای کرد پێویستە هێزە سیاسییەکان سەنتەرێك بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم کارەساتانە دروست بکات .ئەوەشی ڕا گەیاند لە هەموو ئەورووپا چی مزگەوت هەیە بەهۆی ئیسلامی بوونی دوژمنەکەمانەوە بونەتە دوژمنی کورد . پاشان ڕێزدار مەلا برایم بە درێژی باسی تاوانی قاڕنێی کرد کە بۆ خۆی شایەدحاڵی کارەساتەکە بوو , لەو کاتەدا بەرپرسی حدکا بوو لەو ناوچەیەی کە تاوانەکەی تێدا ئەنجام درا . لە کۆتاییدا بەڕێز شەفیق

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

حاجی خدر بابەتێکی بەپێزی یاسایی لەسەر جینۆساید کردنی کورد پێشکەش کرد سەرنجی ئامادەبووانی بۆ بابەتەکەی ڕاکێشا , بابەتەکەی بووە جێی سەرنجی ئامادە بوان بوو زۆر خاڵی تازەی جولاند کە یاساناسانی کورد تا ئێستا ئاماژەیان پێی نەداوە , دوا بڕگەی سمینارەکە پرسیار و وەلام بوو , لە وەلامی پرسیارەکاندا بەڕێز مستەفا شەڵماشی بە توندی داکۆکی لە میتنگی نەغەدە کرد لە ساڵی 1979 کە گوایە ئەوە هۆکاری ئەنجام دانی کارەساتی قاڕنێ بوو ووتی– ئەوەی ئەو تاوانەی ئەنجام دا ئازەری نەبوو , بەڵکە پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بوون دەیانەویست شەڕی کورد و ئازەر و شیعەو سونی دروست کەن , بەڕێز مەلا برایمیش ئاماژەی بۆ ئەوە کرد لە مێژودا قەت پێشتر کورد و ئازەر دژی یەکتر نەبوونە ئەوە کۆماری ئیسلامی بوو دەیەویست شەڕی نەتەوایەتی دروست کات .

هەروەها لە پەراوێزی سمینارەکەدا پیشانگای فۆتۆگرافی بۆ وێنەی قوربانییانی کیمیا بارانی سەردەشت پێشکەش کرا . ئەمەو تاکە کەم و کوڕی سمینارەکە ئەوە بوو ئالای کوردستان هەڵنەواسرابوو .

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی کورد–چاك

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com